# نووسەری نانە پێخواسەکە ... شەراب بە برمیل دەخواتەوە.



محمد شكری، لە شاری طنجەدا

ئا / شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com

لە شاری طنجە دیدارمان بوو، ئەو لەعنەتیەی باسی ئەدەبی هاوچەرخ دەكات، ئەوەی رۆمانی ( الخبز الحافی ـ نانە پێخواسەكە ) ی نوسیووە، ئەو رۆمانەی بەشێكی تری بیرەوەرییەكانی خۆیەتی، لە سێ بەشەكەی تری جیاوازەو ئیسلامییە توندڕەوەكان خوێنیان حەلال كردووە، ئەو بەشەی هێزو سۆزی زۆرترە. ئەو نووسەرە نەچویتە مەكتەب و خۆی فێری خوێندەواری بووەو، ئێستاش نووسینەكانی تەرجمەی زمانی ئەسپانیش دەكرێت. لەو دیدارەدا لەگەڵ محمد شكری بەیەكەوە لە بارێك دانیشتبووین، ئەو زوو داوای باشترین شەرابی كرد، كە بە زمانی ئەسپانی شەرابی ( میداییون ) ی پێدەڵێن. كە بۆیان هێنا سەرەكەی باداوەو تامی كرد، رازی بوو بۆی دابنێن. لە بۆییەكەی سێرڤیسمان پرسی، ئەوە یەكەم پێكە شكری ئەم بەیانیە داوای كردبێت، ئەویش بزەیەكی هاتی، بە نا وڵامی دایەوەو وتی:

ئەو زووتر یەک پێكی ڤۆدگای سپی داواكردووە.

شكری وتبووی:

من سێ بەرداخی ترم نۆشكردووە، لە ماڵەوەش بەیانی زوو، بەیەک بەرداخ وێسكی شیفاس دەمم تەڕكردووەو هاتووم.

ـــ دیارە تۆ زۆر دەخۆیتەوە ..؟؟

بەڵێ بە برمیل .. برمیلێكم تەواوكردووە، چومەتە باڕی گەورەو باڕی گچكە، لە هەموو شوێنێكم خواردیتەوە، بێ راوەستان، وەستانم نەبووە، بەردەوام دەخۆمەوە ..!

ــ ئێستاش زۆر دەخۆیتەوە ..؟؟

بێگومان، ئێستاش بەرگەی زۆرتر دەگرم، لەتەمەنمدا هیچمان نەماوە خەمی لێبخۆم، هیچم نی یە بیدۆڕێنم، گوێت لێ یە....

شكری لە گوندێكی چیایەكانی الریف لەساڵی 1935 لەدایكبووە، ئەوكات ناوچەكە لەژێر فەرمانی ئەسپانیەكان بووە، لە منالییەوە لە شاری طنجە دەژیت، تەمەنی 67 ساڵە. شێوەو ئاكاری زۆر تایبەتیە، قژ مۆرەو نیوچەوان پانەو سمێل شۆرەو لووتێكی شێوە بازی هەیە، دوو چاوی گچكەی مشت خەم و زیرەكی پێوەیە. لەساڵی 1972 بیوگرافیای ژان و هەرزەكاری رۆژانی تاڵی لادیی و رۆژانی داگیركەرانی ئەسپان نوسیوەتەوە، رۆژانی كاری و شوێنی بژێوی تۆماركردووە، كە بۆیاخچیەتی و جگەرەفرۆش كردووە، كە دزی و دەستدرێژی و فێڵبازی دەرحەق بە بێگانان كردووە. ئەو هزرە تیژەی رۆژانی نەخوێندەواری و چەندین بەسەرهاتی شاری طنجەی لە چیرۆكی بییوگرافی لە شێوەی ئەڤین و لەعنەتی

ڕێکخستووه.



محمد شکری نامۆو شەکەت وماندوو.

ـــ لەگەڵ ژنانا زۆرت ڕابواردووه ....... ڕاسته ئەوه ..؟؟
زۆر .. جاران ڕۆژانه دوو سێ جار سێکسم لەگەڵ جۆرەها ژن دەکرد، وام لێهاتبووه پاشان شەوانەش گیانی خۆم پیسکردووه، ئەوەندەم کردووه بوراوەمەتەوه، لەبیرمە ڕۆژێکیان تەمەنم 19 ساڵان بوو، لەگەڵ نۆ ژن سێکسم کردووه، بێگومان ئێستاش مانگانه، به یەکجار یان دووجار تێردەبم. ڕەوشەکەم ئەوەندە دەخوازێت، بۆ سۆزانیەکانی جاران دەسوتێم، ئەوان ڕۆشنبیرییەکی زارکی زۆریان هەبوو، ڕۆشنبیربوون، سەربردەی زۆریان لەلابوو، فاتی مغربی خەڵکی شاری عرائش بوو، زۆری دەزانی، هەماوه، له وڵاتی دانیمارک دەژیت، ئەو ژنانە کاتی تایبەتیان هەبوو، بەداخەوه ئەوانەی ئەو ڕۆژانە، به سەعات کاردەکەن، سەعات دادەنێنەوه، دەبێ به پازده دەقه تەواو بیت.

ـــ له ژیانتدا خۆشەویستی سەرنەکەوتوو هەبووه .؟
چەند خۆشەویستیەکی کورتم بینیووه، ئەوانیش شوویان به خوێندنەوەو نووسین و برادەرەکانم کردووه. ئەگەر ژنیشم هێنابووایه، نامدەویست کوڕێکم ببێت، نەوەک به باوکی بچێت، وەک من له ژیاندا ڕفتار بکات. بەردەوام ئەو گرێیەم له دڵدا هەبووه.
باوکی شکری سەربازی سوپای ئەسپانی بووه، له خزمەتا ڕایکردووه. زۆرجار کوڕەکەی لەدار بەستاوەتەوەو به قایشی پشتێ دارکاریکردووه، ڕۆژێک تووڕه دەبێت و دەستی له هەوگی برایەکی دەنێ تا ڕووحی دەردەچێت بەری نادات، له ڕۆمانی ( نانه پێخواسەکه ) دا، بەروونی و بەزەقی ئەو بەسەرهاتە له ڕووانگەی ڕقی ئەستووری له باوکی به نموونه دەبهێنێتەوه. ئەو بەسەرهاتانه له نووسینەکەیدا به شێوەی تر ڕەنگی داوەتەوه، به پێچەوانه، ئەو کوڕەی زۆر له باوکی دەکات نابێ پاش مردنی دایکی ژن بهێنێتەوه، تا میراتی باوکی بۆ ئەو هاوبەشی تازەو نوێی بۆ پەیدا نەکات.
ئەو بابەت و ڕووداوانەی ناو نووسینەکانی، وای کردووه به نووسەری لەعنەتکراوو نەفرەتکراوو بناسرێت، ئەو شێوەو ناوه وەربگرێت، یان بەو نووسینانەوه بناسرێت. شێوەی نووسینەکان وایکردووه به نووسەری ئەمریکی
( بوکوفسکیی ئەمریکی و بیدرو خوان گوتییرسی کۆبی ) هاوشان بکرێت، دیاره کەوا ڕەوش و ناوو بەرهەمەکانی ئەو توندتربوه، زۆرتر نەفرەتی لێکراوه، بەتایبەتی له جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوه، لەساڵی 1990 زانایانی ئاینی میسری فەتوای دژ به نووسین و پەخشەکانی دەرکردووه.

ـــ که دەقی تەرجەمەکراوی ڕۆمانی بییوگرافی ( نانه پێخواسەکه ) کەت بڵاوکرایەوه، خوان گویتیسولو، ڕۆمانەکەتی به یەکەمین بیرەوەری نووسراوی عەرەبی جوان و ڕاست و بوێره ناونا، هەست ناکەیت نووسینەوەی بیرەوەری به دەرخستنی کەموکوڕی و لایەن شەرمەزاری و لاوازییەکان خودی نووسەر زەحمەت نی یه، ئەو ئازایەتیەت له کێ هێنا ..؟؟
ئەو نووسەرانی بییوگرافیای ژیانی خۆیان نوسیوەتەوه، به پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوانیش ڕاستگۆیانه نەیاننوسیووەتەوه، که ئەو سێیەنەم نووسی، له هاوشێوه خۆرئاواییەکانم سوودی بینی، وەک دانپێنانی قدیس

ئاگوستین و جان جاک رۆسۆو سومریست موگان و کۆلن ولسون و وتەکانی سارتر و خوان گویتسولوی لە خاکی پەرژینکراو. ئەو نوسینە فێری کردم ئازایانە بۆچوونەکانم دەربرم، دیارە کەوا ئەدەبی عەرەبی کۆن ئازایانە بۆچوونەکانیان دەربڕییوە، شتە حەرامەکان لە نوسینی ئیمرۆدا زۆرن، تەماشاکە ئەدەبی جاهلی و الف لیلەو لیلە و رەوزی عاتر، ئازادیان زۆرتربوە. رۆشنبیری عەرەبی پاش دەرچوونی عەرەب لە ئەسپانیا لاوازی زۆری پێوەدیارە، ئەو پێنج سەدەیە، ئازادی نووسین و رادەربڕیین نەماوە، توندڕەوی ئاینی و دەمارگیرِی پێوەیە، تێدەگەیت، ئەوە ئاینە زۆر شتی تیرۆرکردووە ..؟؟ قەدەغەکردن و حەرامکردن ئازادی و داهێنان دەکوژێت.

ــ دیارە دەمارگیری و توندڕەوی تۆ و سلمان روشدی و نەجیب مەحفووزی کوشتووە ..؟؟
بەڵێ، ئێمە لەناو زەلکاوین، ئەوەی لێرە هەیە پەیوەندی بە دیواری بەرلین یان شوورەی چین نی یە، ئەوانەش رێگر نین، کە من هیچ نەنووسم، ئەگەر پیاوێکی دەبەنگ لەراستەرێیەکدا هێرشمان بکاتە سەرو بمداتە بەرچۆیان، ئەوە بە هەند وەرناگرم، چونکە مرۆڤ دەڕوات و بیرو هزریش دەمینێتەوە. ئێستا بەو جۆشەی جارانەوە نانووسم، منیش بەناچاری چەقۆیەکی گەورە لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم، ئەگەر چوومە قەبرستانێک یەک دوو کەس لەو دەبەنگانە لەگەڵ خۆما دەبم، تەنیا ناچم.

ــ کە هاتمە ئەو شارەو لە پیاوە برژواکانی شارم پرسی، بەنیازی دیداری شکری هاتووم، ئەوان لایان سەیربوو، چۆن بۆ لای کەسێکی ناشایستەو بێ رێز هاتوویت ..؟؟
بێگومان ئەوانە لەم جۆرەن .. من پرسیارێکت ئاراستە دەکەم، ئەوانە کێین کە منیان پێ باش نی یە، ئەوانە خۆیان شێتن، من هیچ نەبێ چوار هەزار کتێبم خوێندیتەوە، ئەوان بە هەموویان دەرزەنێک کتێبیان نەخوێندیتەوە. ئەوان چییان هەیە، ناتوانن بەو جگەرەو حشیشەی داوەتان دەکەن تۆ رازی بکەن، من خاوەنی وشەو رستەم، من قسە دەزانم دونیاش لەسەر قسە راوەستاوە، ئەوانە هیچیان لەدەست دەرناچێت.

ــ باشە باسی طنجە بکەین ... لەناوچەی دەریای خۆرهەلاتی ناوەراست، سێ شاری کوسموبولیتانی هەیە، ئەویش ئەسکندریەو بیروت و طنجەیە، دیارە کەوا هەستی ناسیونالیزمی و توندڕەوەی ئیسلامییەکان ئەسکەندریەیان فەوتاند، ئەو شارە ماوە، ئازادو گەشە.. تۆ چۆن دەروانیتە طنجە ..؟؟
طنجە شارێکی ئەفسانەییە، ئەفسانەش شرۆڤە ناکرێت، نهێنی زۆرە.

دیدارەکەمان لە هوتێلی ریتز بوو، ریتزی طنجە نەک ریتزی پاریس یان ریتزی مەدرید، نووسەرانی زۆر بانگکرابوون، هەموویان خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون، شکریش بە ئەسپانی زۆر رەوان قسەی دەکردو شووشە شەرابەکەی بەردەمی زوو تەواو دەبوو.

ــ دیارە زۆر بە ئەسپانیا سەرسامی ..؟؟
زۆر راستە! من هاورێی زۆر گەورەی ئەسپانم هەیە، لەوانە قەرەج و ئەندلسییەکان، ئەوانەی وەک ئێمە پەراوێز کرابوون، هاورێی گەورەی ئەسپانیشم هەیە، هەرگیز هاورێی فەرەنسییم نەبووە، سەبارەت بە ئینگلیزو ئەمریکییەکان لەیەکتری مارە دەکرێن، بە شێوەیەکی هزری نەک فیزیکی.

ــ نوسینی ئەسپانیەکان دەخوێنیتەوە ..؟؟
بێگومان، شیعری ئەسپانیشم وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، وەک شیعرەکانی بیکر، خوان ماشادو، فیسینت ئەلسندر، گابیریل سیلایا، لۆرکا، لابردیت سوسازن مارش ....

ــ نووسینی کام نووسەری ئەسپان زۆرتر دەخوێنیتەوە..؟
بروا دەکەم لە ئەمریکای لاتینی نوسینی ئەسپانی زۆر تێپەریوە، وەک نووسینەکانی خوان رولفو، کورتسار، گارسیا مارکیز، فارگاز جوسا ........ وەک ئەو نووسەرانە لە ناو ئەسپانیادا نین، بەڵام ڕێزی زۆرم بۆ نووسەرانی، وەک خوان گویتتسولوو تورتت بایستیر هەیە، لە نووسەرە کلاسیکیەکان من زۆر ڕێزی سرفاتیس دەگرم.

ــ ئەوانە بە فەرنسی دەخوێنیتەوە ..؟؟
ئەگەر بە ئەسپانی نەخوێنمەوە بە چە زمانێک بیخوێنمەوە ..؟؟

کە شووشەکە بەتاڵ بوو، ورگیشی کپ بووە، بەرەو ماڵی ئەو بەرێکەوتین، ماڵەکەی دوا خانوو، بەرزترین خانووی نزیک هوتێلی ریتزبوو، بەپێیان بەسەر هەر پێنج نهۆمەکە کەوت، لەو سەرکەوتنەدا جگەرەی دەستیشی فرێ نەدا، ماڵەکەی قەڵایەک بوو لە جلوبەرگ و ئامان و قاپ و قاچاخ و ئامیری ئەلکترۆنی کۆن و کتێب و کاغەزو وێنەی شکری لەگەڵ ... بول بولز، ئالبرتو مورافیا، جون جونیت، گویتیسولو، تاهیر بن جلون، ... وێنەی پێشەوای لادیی عبدالکریم بە ژوورەکەی هەڵواسیبوو.
شکری کتێبە تایبەتیەکانی نیشانی میوانەکانی دەدات، لەوانە کتێبی ( نانە پێخواسەکە ) کە بۆ 48 زمان وەرگێردراوە، لەگەڵ چەندین بووکەشووشەی بێ سەرو بێ دەست و پێ و .. دوو شووشە شەرابی تایبەتی بە دیاری بۆ هاتبوو، چاوتێرانە دوو بەرداخی دانا، بۆ خۆی و بۆ من شەرابی تێکرد. ڤیدیۆیەکی داگیرساندو فلیمێکی کۆنی رەش و سپی بەکارخست، بیست ساڵ زووتر کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی فەرەنسی دیداری لەسەر رۆمانی ( نانە پێخواسەکە ) ی وەرگێردراوی دانەی یەکەمی فەرەنسی لەگەڵ شکری سازکردبوو، نیشاندام. سەبارەت بەو دیدارە، ئاشکرای کرد، لێرەو لەو دیدارەو بۆ یەکەمین جار، باسی توندوتیژی هەڵسوکەوتی باوکی کردبوو، ئیمرۆش لە هۆکارەکانی ئەو رەوشتەی باوکییەوە بیانۆی هێنایەوە، کەوا باوکی لە ئەنجامی رەوشە توندەکەی ئەو رۆژانە، ئەو لاسایی و رەنگدانەوەی رەوش و رۆژەکەی کردیتەوە، کە رفتاری توندی دەرحەق بەوان کردووە. داگیرکەرانی مەغریب کۆمەڵگاکەیان بەرەو ئەو ئاستە بردووە، ئەو وتی:

من لەو رۆژانەدا تا گەورەکان لاقەم نەکەن، نەکەومە بەر زەبری توندیان بەناچاری، لە ترسان لە گۆرستانەکانی ئەو شارا دەخەوتم. چل ساڵ بەسەر رزگاری وڵات رابووردو وڵاتی مەغریب ئازادە، ئەو رەوشانە هیچی نەگۆڕاوە، شارەکان پڕن لە مناڵ و گەنجی بێنەواو بێماڵ، زۆریان لەناو کوخان دەژین، وەک رێنمایی بۆ گەشتیاران کاردەکەن، حەشیشە دەفرۆشن، یان گەوادیی یان کاری سێکسی دەکەن، هەموو لەسەر پشتی بەلەم خەون بە چوونە ئەوروپاوە دەبینن. ئەوەی من ئێستا دەیبیستم رەوشەکە زۆر خراپترە، من وەک نووسەرێکی ( بورنوگرافی ) دەناسرێم، چونکە لە سێکس دەدوێم، لە نووسینەکانمدا هۆکارەکان و شێوەکان و رۆژانی ئەزموونی سێکسی دەنووسمەوە، بەڵام من لە نوسینەکان و لە کتێبەکانمادا لە چەندین بەهاکان دەدوێم.

ــ کام بەها ..؟؟
من مرۆڤێکی مولتەزمم، من بەرگری لە چینە سووتاوو لەیادچووو زەحمەتکێشەکان دەکەم، من سپارتاکۆس نیم، من بڕوام بەوە هەیە هەموو کەسێک کەرامەتی هەیە، ئەگەرچی بێبەشن لە خۆشی و بوارەکانی ژیان، بەڵام دەبێ کەرامەتیان بپارێزرێت. لە چلەکان و پەنجاکان و شێستەکاندا کەسانی وەک: بول و جان بولزو ترومان و کابوت و سیسل بیتون و تینیسی ویلیامس و گورفیدال و ویلیامز بورزو و ئالن گینسبرگ و جون جونیت و ئەلبرتو مورافیا و جاک کیرواک ... لەو شارەدا ژیاون. چەندین قۆناخی بڕییوە ئەو شارە، ئەوانە زۆر دەهاتن، وا بزانم ئەوانە دەهاتن سەیری ئێمە بکەن،

وەک چۆن مەیموون لەسەرداران هەڵبەزین و دابەزین دەکات، بۆ سەیرکردنمان بەو شێوە دەهاتن، رەنگە ئەو قسەیە بۆ هەردوو برادەرەکانت .. جونیت و بولز .. راست بێت ..؟؟

ــ بڕواناکەم ئەو قسەیە بۆ جونیت راست بێت، ئەو کەسێکی ڕەسەن بوو، بەڵام وەسفەکەت سەبارەت بە بولز راستە.!
ئەو بۆ دیتنی وڵاتی سادەی مەغریب هاتبوو، ئەو حەزی لە وڵاتی مەغریبی وەک ساڵانی سییەکان دەکرد، ئەو شێوەو رەوشی خۆشدەویست. زۆرینەی بێگانەکان بۆ خۆشی و رابواردن و سەرسامی دێنە ئەم وڵاتە، تا دووکەڵ و حەشیشە هەڵمژن، تا لەگەڵ کوڕو کیژان رابوێرن ... من دژی ژیانی ئەو کەسانە نیم، بەڵام بواری ئەو جۆرە ژیانەش بۆ منیش نادەن. کە دوور دەژین، خۆمان بەکەم و سووک دەزانین، منیش ئارەزووی ژیانی وا نەرم و نیانم دەکرد، ئەوان کە خۆش دەژین لەسەر حیسابی لایەنی دووەمە، چەوسانەوەی لایەنی دووەم بەسەرچوو، ئەوەیان کارێکی سەرەتاییە، تێمدەگەیت ..!

ــ بەڵام بولز دیارییەکی گرنگی پێشکەش کردیت، ( نانە پێخواسەکە ) ی وەرگێرایە سەر زمانی ئینگلیزی.
ئای کە دیارییەکی گەورە بوو!

ــ چۆن بەیەکەوە ئەو کارەتان ئەنجامدا ..؟؟
من لە مێشکمەوە دەقە عەرەبیەکەم دەکردە ئەو ئەسپانیەی کە خۆم قسەی پێدەکەم، بەو شێوەیە ئەوەم تێدەگەیاند، ئەسپانیەکەی منی، بە ئەسپانیەکەی خۆی دووبارە دەنووسیەوە، ئەو ئەسپانیەی وەردەگێرایە سەر زمانی ئینگلیزی. تێبگە ! لە طنجەدا ئەمریکییەک و مەغریبیەک بەیەکەوەن و ئەسپانی قسەدەکەن.

ــ ئێستا چە نوسینی نوێت لەبەر دەستایە ..؟؟
نا ئێستا نوسینە کۆنەکانم راستدەکەمەوە، گوێ راگرە، دەمەوێ راستیەکت لا ئاشکرا بکەم، من دەمەوێ ئەو ناوبانگیەی ( نانە پێخواسەکە ) بۆی دروستکردم بکوژم. لەو رۆژانەی چەواشەیی و هەڵەکان زۆربوون ئەوانەم نوسی، ئەو نوسینە هەر نەمرد. ئاکارو کەسەکانم نوسیەوەو ئەو نەمرد، ئەو نامرێ، من پان دەکاتەوە. منیش وەک ئەو نووسەرانم لێدێت، ئەوانەی ناوداری و ناسینی یەک کتێب ئەوانی کوشت، من نامەوێت بەیەک کتێبەوە بمرم، وەک سرفاتییس لەگەڵ دون کیخوت، فلوبیر لەگەڵ مدام بوفاری، د. لورنس لەگەڵ خۆشەویستی ئەلیدی شاترلی مردن. ( نانە پێخواسەکە ) نەمرەو نامرێت، کوڕی قەحپەیە نامرێت، مناڵان لە کوچەو کۆڵانەکان بەناوی خۆم بانگم ناکەن، هەر بە ناوی ( نانە پێخواسەکە ) بانگم دەکەن، ئەو کتێبە رۆژانە بە زیندوویی پێم دەڵێت من ماوم، من زیندووم.




بەرگی نانە پێخواسەکە بە زمانی فەرەنسی.

ــ کەواتە بەردەوام بە، تا ( نانە پێخواسەکە ) بکوژیت ..؟؟

بێگومان، من کەسێکی کەللەڕەقم، بورجەکەم گیسکەو دڵنیام گورگ دەیەوێت بمخوات، بۆیە دیدەمە بەر قۆچان.

ــ کەسەکان ڕێی نوسینت بۆ سازدەکات، نووسەر تا دەمرێت هەر دەنووسێت، تا دەچیتە ناو گۆڕ،
بەنیاز نیت لەو نزیکانە بچیتە ناو گۆڕ.
نا، نا، ....نا.

---

ئەو دیدارە خافییر فلانزویلا سازیکردووە، لە پاشکۆی ڕۆژنامەی بابیس لە 5 ی ئوکتۆبەری 2002 بڵاوکراوەتەوە.
شکری لە ساڵی 1935 لەدایکبووە، بەدرەنگی و لە تەمەنی 20 ساڵی فێری خوێندەواری بووە، لەتەمەنی 31 ساڵی یەکەم نوسینی بڵاوکردیتەوە، کە جگەرەی دەفرۆشت و پارەی لە بانک دادەنا بە پەنچە، مۆری لەسەر دەفتەرەکەی دەکرد، پیاوێک چاکەی لەگەڵ کردووەو ئیمزای فێرکردو بەیانی لە بانک لە جیاتی پەنجە، ئیمزای کردووە، بەڵام ڕۆژی دوایی ئیمزاکەی لەبیرچویتەوە. کە خوێندەواری فێربووە، شەوو ڕۆژو بەبەردەوامی شاکاری ئەدەبی کۆن و نوێ عەرەبی خوێندیتەوە.

ئەگەرچی لەو دیدارەدا دەڵێ زووە نامرم، کە لە 5 ی ئوکتۆبەری 2002 بەو ڕۆژنامەنووسە ئەسپانیەی وتبوو، بەڵام لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆی 15 ی نۆڤمبەر / تشرینی یەکەم 2003 لە نەخۆشخانەی سەربازی لە رباط، پاش مانەوەی دوو هەفتە لە تەمەنی 68 ساڵی، پاش تەمەنێکی پر لە کوێرەوەری و دەردەسەری و مەستی، بە نەخۆشی کانسەر کۆچی دوایی کردووە.

شاکارە ئەدەبیەکانی شکری ئەوانەن:
الخبز الحافی 1981، لەلایەن بۆل بولز لە ساڵی 1973 کراوە بە ئینگلیزی. لە ساڵی 1981 لە لایەن طاهر بن جلون کراوە بە فەرەنسی. ئەوەیان بەسی یەکەمی ڕۆژانەکەیەتی، بەشی دووەمی بە ناوی زمن الاخطاء بڵاوکراوەتەوە، باسی سەردەمی هەرزەکاری خۆیەتی کە فێری زمانی عەرەبی دەبێت. بەشی سێیەمیشی لە ڕۆژانەکەی بڵاودەکاتەوە.
المولع بالورد ( کۆمەڵە چیرۆکێکە)
الخیمە ( کۆمەڵە چیرۆکێکە )
السعادە ( ڕۆمانێکی شانۆگەرییە )، هەروەها ئەو کتێبانەشی هەیە، زوکو الصغیرو جون جینی فی طنجە و مذکرات وتنسی ولیامز، غوایە الشحرور الابیض و دوا بەرهەمیشی زوکو دیفلیزە لە ساڵی 1996. ڕەنگە دەستنووس و لاپەڕەی پەرتەوازەی زۆرشی هەبێت.

---

لە گۆڤاری ڕامان ژمارە 125 ی 05102007 بڵاوکراوەتەوە